# چاوبین!

(چاو) ناوە و (بین) ڕەگی چاوگی بینینە ، بە لێکدانی ناو یان ئاوەڵناو لەگەڵ ڕەگەکەدا ناوی مانایی یان ناو و ئاوەڵناو دروستئەبێت وەك: دور– دوربین ، واتە کەسێك کە دور ئەبینێت ، جا یان مەبەست لە بینینی شتە لە دورەوە یان خەمڵاندن و بیرکردنەوەیە دەربارەی ئایندە ، یان ئامێرێك کە بە هۆیەوە شتی دور ئەبینرێت.

هەر بەو شێوەیەش: ڕێ — ڕێبین ، ورد — وردبین ، گەش — گەشبین ، ڕەش — ڕەشبین و دەیان وشەی تری لەم جۆرە.

ئەوەی کە تا ئێستا نەبیستراوە لە زمانەکەماندا و نەگونجاو و ناقۆڵایە ، (چاوبین)ـە. ئەگەر (خوانەخواستە و قەزا و بەڵا دور) ئەم وشەیەش خزایە ناو زمانەکەمانەوە ، ئەوا ئەچێتە خانەی ئەو وشانەی سەرەوە ، کەواتە (چاوبین) ئەو کەسە ، گیاندار یان ئامێرەیە کە چاو ئەبینێت! ئەمەش تا ئێستا ڕووی نەداوە و بەرۆکی نەگرتووین.

ئەم پێشەکییەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە سەرنجتان ڕابکێشم بۆ وشەیەکی (برای) ئەم چاوبینە کە لەم دواییەدا دزەی کردووەتە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەوە و ئەویش (بە ناخێری) وشەی (گوێبیست)ـە.

وەرن با زۆر ساکارانە و لەسەر ڕۆشنایی ئەو وشانەی سەرەوە سەیری ئەم گوێبیستە بکەین. (گوێ) ناوە وەك چاو ، (بیست)یش ڕەگی چاوگی بیستنە ، کەواتە (گوێبیست) مانای کەسێك ، گیاندارێك یان ئامێرێك کە گوێی لە گوێ ببێت! یان گوێ ببیستێت! خەڵکینە .. ئاخرزەمانە! نەك لە کوردییدا ، بەڵکوو لە چ زمانێکی دنیادا مانایەکی لەم جۆرە هەیە کە مرۆڤ (گوێ) ببیستێت یان گوێی لە گوێ ببێت!

لەم دواییەدا لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی وڵاتدا ئەم وشە ئاخرزەمانییەم بینی ، کابرایەك ئەڵێت: **(گوێبیست بووم)**! دیارە ئەیویست بڵێت گوێم لێ بووە  یان بیستوومە!

جاران کە دیمەنێکی ناشیرینم ئەبینی ، هێڵنجم ئەدا ، بەڵام ماوەیەکە کە چاوم بەم وشە (ڕەزا قورسانە) ئەکەوێت ، هەر خەریکە هەناوم دێتە دەرەوە. کڵۆڵییەکەی منیش هەر ئەم کێشانەی زمانەکەمان نیە! بەڵکوو کێشەی دۆستەکەشمە! ئەو دۆستەم کە زۆر جار ئەم کێشەی زمانەم بۆ سازئەکات. جارێك بابەتێکی کوردیی (ئەم ڕۆژگارە سەیرەی) خوێندبووەوە ، ئەوەندە پەست بووبوو ، وتی ڕۆژێك وام بەسەردا دێت کە سوێند بخۆم بە هەموو وشەیەکی دانەتاشراو و پەڕوباڵنەکراوی کوردیی کە تا ئەمرم بە کوردیی نەخوێنمەوە و نەنوسم!.. ئیتر خۆشتان ئەزانن کە دڵدانەوە و ئارامکردنەوەی کوردێکی پەست چەند کارێکی گرانە.

بە هەرحاڵ .. خەڵکینە ئەگەر ئەمڕۆ (زەلام) هەبێت **(گوێبیست)** ببێت ، بە دوریشی مەزانن کە دوو ڕۆژی تریش **(چـــاوبـیـــن)** ، **(لـــوتـبـــۆن)** و **(دەمـــدوو)**ش ئەبێت!.

ئەبێ هۆی چی بێت ئەو خەڵکە **(خوێنەوارە)** ئاوا و لەم سەردەمەدا بە ئارەزووی خۆیان یاریی بە زمانی کوردیی ئەکەن! وشە ئەگۆڕن و پەڕوباڵی ئەکەن و لەخۆوە وشە دائەتاشن! لە کاتێکدا ئەو وشانە دەیان ساڵە نەوەکانی کورد لە باشوری کوردستان بە نوسین بەکاریانهێناوە و زمانی ڕەسمیی حکومەتەکەی شێخی نەمر شامەحمود و قوتابخانە و دامودەزگاکان بووە و بەر لە هەشتاوسێ ساڵیش ، واتە لە نۆڤەمبەری ساڵی 1919 دا (مێجەرسۆن) لە سلێمانی و بۆ یەکەم جار لە مێژووی باشوری کوردستاندا هەر بەم زمانە کوردییە ، یەکەم بڵاوکراوەی بە ناوی (پێشکەوتن)ـەوە دەرکرد.

هەر بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لە ساڵیادی (پێشکەوتن) ئەکەم و ئەڵێم ئەوە (پێشکەوتن)ی ئەو سەردەمە و ئەمەش (پێشکەوتن)ی ئەم سەردەمە و حاڵی زمانەکەمانە!.